## شاعیری کورد نەزەند بەگیخانی بۆ خەڵاتی بەریتانی Forward Books هەڵدەبژێردرێ



**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئامانج حەمە**

"رۆژێکی ئاسایی"، شیعرێکی شاعیری کورد نەزەند بەگیخانی بۆ خەڵاتی ئیمساڵی Forward Book of Poetry لە بەریتانیا هەڵدەبژێردرێ و لەگەڵ چل لە "باشترین شیعری ساڵ" ی کۆمەڵێک شاعیری ناودار لە ئەنتۆلۆژیایەکدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ئەم شیعرە لە دیوانی (Bells of Speech, Ambit, 2007) وەرگیراوە.

نەزەند بەگیخانی خەڵکی شاری کۆیەیە و لە ساڵی 1987 وە لە مەنفا (دانمارک، فەرەنسا، بەریتانیا) دەژێت. لە ساڵی 1997 لە دانیشتگای سۆربۆن دکتۆرای لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەرگرتووە. تا ئێستا سێ دیوانی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە[1] و Bells of Speech یەکەمین دیوانیەتی بە زمانی ئینگلیزی کە لە مەیانی ئەدەبدۆستان لە بەریتانیا پێشوازییەکی زۆرباشی لێکرا. هەردوای دەرچوونی دیوانەکە نەزەند لە رادیۆی 4 ی بی بی سی لە بەرنامەی بەناوبانگی "سەرەتای هەفتە" داوەتکرا کە لە 12/24/ 2007، جەژنی مەسیح پەخشکرا. لە 14 ی مایسی رابردوو پەرلەمانتاری بەریتانی ئان کلوید لە سازمانی پەرلەمانی بەریتانی پێشوازی لە شاعیر و کتێبەکە کرد لە ئێوارەیەکی شیعریدا کە کۆمەڵێ ئەدیب و رۆژنامەنووس و دیپلۆمات ئامادەی بوون.

**تا ئێستا چەند شیعرێکی دیوانی Bells of Speech بۆ ئەنتۆلۆژیای شیعری ئینگلیزی و ئەمریکی هەڵبژێردراوە کە دووبارە بڵاویان کردۆتەوە:**

وەکو “ Inspired Verse” by Wyndham Thomas (Corsham Print, Easter 2007); “
“The Poetry of Recovery” by Sante Lucia Books (USA, 2007);
Fragments from the Dark” by Jeni Williams (Forthcoming 2008)
The Poetry International Web (http://uk.poetryinternationalweb, summer 2007).

رەخنەگری هونەری بەریتانی وەندی بێکێت لە پێشەکیی کتێبی " Inspired Verse " دا دەڵێت: نەزەند ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ گەڕان بەدوای دادوەری بۆ میللەتی کورد و هەموو ئەوانەی مافیان پێشێلکراوە. ئەو باوەڕی وایە کە بەختەوەری مافی هەمومانە و بە دڵنیاییەکی پڕ لە هۆشیارییەوە ئەو چەمکە دەوروژێنێ".

[1] . دیوانی سێیەمی بەناوی رەنگی خۆڵ بەرهەمێکی هاوبەشە لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی نووسیویەتی و لە ساڵی 2005 لە کوردستان چاپکراوە.

## ڕۆژێکی ئاسایی

ئەفسەری ئاسایش ئیمڕۆ زوو لەخەو هەڵسا
کراسێکی سپی پۆشی و
سەمونێکی خوارد پڕ لە گوێز و هەنگوین
منالّەکانی ماچ کرد
زۆر بە گەرمی هاوسەرەکەی لە ئامێز گرت
خوداحافیزی کرد و بەرە و کار هەنگاوی نا

لەسەر مێزەکەی
دە فایل دانرابوو
هی دە لاو لە چاوەڕوانی گوللەباراندا
بەدەم فڕکردنی چایەکی نەعنایی
فایلەکانی ئیمزا کرد

سەعات دە
فەرمانی گوللەبارانکردنی دا و
زۆر تووڕە بوو لە پۆلیسێ کە هەدەفەکەی نەپێکی
دەمانچەکەی دەرهێنا و
هەدەفەکەی بە دە گوللە پێکا

پێش تەواوبوونی دەوام
سەردانی دایکی دە لاوە کوژراوەکەی کرد
داوای سەد دیناری لە هەریەکێکیان کرد
بۆ خەرجی ئەو گوولللانەی کە منداڵەکانی کوشتبوون

ئێوارە
ئاهەنگی لە دایکبوونی براکەی گێڕا

شەو
لەبەردەم ئاوێنە
دڵۆپێ خوێن لەژێر پێی هەڵچوو
ویستی بیشوا
دڵۆپە خوێن بەرەو سەر سنگی هەڵکشا

ئایا جیاوازی چییە لە نێوان کوژراو و بکوژ؟

ڤاکەرشام، هاوینی 2006

© 2006, Nazand Begikhani
From: Bells of Speech
Publisher: Ambit Books, London, 2006
ISBN: 978-0-900055-11-